# شایلۆغانی کوردان و ئێش وئازاری کورده پەنابەرەکانی ئاڵتاش

مەجید دڵنیا
diyako_8@hotmail.com

ڕۆژگاری زانکۆ برادەرێکی خانەقینیم هەبوو ,هەموو جارێ دەیووت ":ئەی کوردێلە فرە عەجایەبن لە هەچ کوێ تەپڵ بشنەفن ئەیە ئیتر دەسەگرن و عەرزە کوتن".دیارە ئەمە تەنیا قسەی ئەو نیە وزۆر جاری تریش لێرەو لەوێ ئەمەمان بەڕوودادەدەن کە کورد زۆر جار بەموناسەبەو بێموناسەبە بەس گوێی لە دەنگی تەپڵ بێت لەخۆوە حەماس دەیگرێت و دەسەگرێت وهەڵەپەڕێت.هەرکەسێک گەر ئەم دواییانەو لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا,سەرنجی میدیاو ڕاگەیاندنەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی دابێت ئەو ڕاستیەی باش بۆ دەردەکەوێت.سەیرەکە لای کوردانی هەندەران بوو کە لەتەواوی ئەو وڵاتانەی دەنگدانی تێدابوو ,بەشێک لەکوردان زیاتر هەوادارانی حیزبەکان بەشێوەیەکی سەیرو دوور لەئادابێکی ئاسایی لەبەردەمی سندوقەکانی دەنگدان بینران.زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم لەخەڵک و میللەتێک دەچووین کەهیچمان نەدیبێت.

ئێ باشە هەڵبژاردن شاییلۆغانی بۆ چییە؟ باشە خۆ عەرەبەکانیش بۆدەنگدان چوون بەڵام عەرەبێکمان نەبینی بەعەگالودشداشەوە ها..خوتی..ها..بکات.من کە ئەو دیمەنانەم دەدی لەلایەکەوە قاقا پێکەنینم دەهات ولەلایەکی تریشەوە گریانم بۆ ساویلکەیی و خۆشباوەڕی کورد دەهات.دیارە ڕاکەیاندنەکانی

کوردستانیش بەتایبەتی کوردسات وکوردستان تی.ڤی دەقاودەق ئەو کەیف وبەزمانەیان دەگواستەوە ,بۆیە هەرکەسێک کە سەیری ئەو کەناڵانەی دەکرد دەیووت دیارە شتێکی زۆر گرنگ ڕوویداوە ,خەڵک هەبوو وای دەزانی جاڕی دەوڵەتی کوردی دراوە بۆیەکورد وا وروووژاوە .پرسیاری زۆر سادە ئەوەیە هەڵبژاردنی هەرچیەک بێ وبۆ هەرمەبەستێک بێت ئایا ئەوە دەهێنێ وەکو کورد لەدەرەوەو لەناوەوە کردیان..دیارە لەکورترین وەڵامدا نەخێر. خوا ڕەحمی کرد دەنا خەریک بوو هەڵمەتی هەڵبژاردن لەجەنگی ساردەوە بگوازرێتەوە بۆ جەنگی گەرم,تەنیا شتێک جێگەی دڵخۆشی بوو ئاڵای کوردستان جێگەی بەئاڵاکانیتر لێژکردبوو ئەویش بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات.دوای ئاشکرا کردنی دەنگەکان و بەدووەمبوونی لیستە هاوبەشەکەی دوو حیزبەکە شۆستەکانی شار بەتایبەتی شاری سلێمانی و کەرکوک ڕێ بە ڕێ نەدەکەوت.گەرچی خەڵک ئازادە لەوەی چۆن پیادەی خۆشیەکانی خۆی دەکات ,بەڵام کارەسات لەوەدایە کە حیزب پاش ئەو هەموو ئەزموونە تاڵە ڕێگە بەئەندام ولایەنگرانی خۆی بدات بۆ کاری شەڕە پەڕۆ.خەڵک هەموو ئەزموونی ڕابووردوویان لەبیر چۆوە کە چی پەیتا پەیتا وێنەکانی تاڵەبانی و

بارزانیان ماچ دەکرد.سەیرو سەمەرەکە لەوەدابوو خەڵک لە لایەکەوە دەنگی دەدا بۆ پەرلەمانی عێراق و خۆی دەکردەوە بە عێراقی ,لەلایەکی تریشەوە دەنگی دەدا بۆسەربەخۆیی کوردستان.بەپێی چاوپێکەتنی ڕۆژنامەکان ,هەندێ دەنگی داوە بۆ ئەوەی جارێکیترئەنفال نەکرێتەوە,زۆرن وتوویانە بۆئەوە دەنگمان دا تا جارێکیتر نەکەوینەوە ژێر دەستی عەرەب.خەڵک بەقوربانی تاڵەبانی دەبێت و وێنەکەی ماچ دەکات کەدەبێتە سەرۆکی ئەو عێراقەی تا بیکاتەوە بەژێردەستەی عەرەب,ئەو عێراقەی کە کورد نەخۆشی تیا بینیوەو نەخۆشیشی تیا دەبینێ,ئەو عێراقەی کە هەرگیز کورد تیایا نابێت بەبرای عەرەب,ئەوە نییە لەو عێراقەی دەنگتان بۆدا کورد وەک کارە کۆرپە سەردەبڕڕێت,ئەو عەرەبە چاو ڕەشەی بە عەشیرەتێکەوە هاتۆتە سەر موڵک ومالّی کورد کەچی ئێستا ئامادە نییە موڵک و ماڵ بۆ خاوەن ماڵ بگەڕێنێتەوە,گەر هێنانی تاوانی سەدام بوو خۆ نەگەڕانەوەیان تاوانی سەدام نییە...ئاخ گۆران لەکوێی,خۆزگە جارێکیتر زیندوو دەبوویتەوە وچاوێکت بەوشیعرەدا دەخشاند کە بۆ عەرەبە چاوڕەشەکانی برات وتتن.ئەوە نییە نمەک بەحەرامێکی وەک مشعان جبوری داوای اقامە بۆ عەرەبی نیشتەجێکراو دەکات.ئەوەی لای من مەبەستە ئەوەیە لەگەرمەی ئەو شاییو لۆغانەیەدا ,برا کوردە پەنابەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەمپی ئاڵتاش

بەدەستی عەرەبە چاوڕەشەکانتان ,ئەوەتا بەبەرچاوتانەوە سەردەبڕڕێن ,جینۆساید دەکرێن,ئەتک دەکرێن,دەربەدەردەکرێن,ویژدانی مردووی یەک کورد نییە گوێیان لێبگرێت.هاوارو دادیانەو داوای ڕزگارکردن و فریاکەوتن دەکەن ,کەچی میللەتی ئێمە لەشایلۆغانی خۆی ناکەوێت

خۆزگە ئەو بەزمە بۆ دەوڵەتی کوردیش بوایە قەیدی نەبووا!.ئەوەتا بەشێک لەڕۆڵەکانی ئەم میللەتە بەئاگری شۆفێنیانەی عەرەب دەسووتێنرێن,تەنیا تاوان کەهەیان بێت کوردبوونیانە,کەچی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزکا ڕاگەیاندنەکانیان خۆیان لەئاست موعاناتی ئەو پەناهەندە کوردە بێکەس و چارە ڕەشانە کەڕ و گێل کردووە,بچوکترین هەولێکیان نەداوە بۆ ڕزگارکردنی گیانی کوردە هاوخوێنەکانیان.لەکاتێکدا چ حکومەتی هەرێم وئەو کوردانەش لە حکومەتی عێراقدان ,گەر مەبەستیان بێت دەتوانن شتێکیان بۆبکەن.هەردوو حکومەتی هەرێم لە کاتی بوومەلەرزەکەی (بەم)ی ئێراندا بۆ خۆ شیرین کردن لای عەمامە بەسەرەکانی ئێران کەوتنە سواڵ و سەدەقە کۆکردنەوە,چەندین ترێلە پێداویستی و هەزاران دۆلاریان بە ئێران بەخشی.لەوەش مەپرسە ئەو یارمەتیانە چییان لێهات!.کەچی بۆ کوردە پەنابەرەکانی ڕۆژهەڵات چونکە کوردن و ئیشیان پێیان نابێت تا ماستاویان بۆبکەن..بۆیە تائێستا هاوارو ناڵەی ئازارەکانی ئەوان ویژدانی سڕبووی لێپرسراوانی کوردی نەبزواندووە. ئاخرسەد حکومەتی کوردی بەکۆمەڵێک مرۆڤی ئاوارەو بێکەس لەسەراسەری دونیا چی کە ئەو حکومەتە,مەبەستی نەبێت یان لەبەر خاتری خاترداران لایەکیان لێبکاتەوە,نەک ئەوە تەنانەت نەوێرێت لە ڕاگەیاندنیشدا باسیان بکات.پیم وایە هیچ میللەتێک هێندەی میللەتی کورد هەستی بۆ هاوخوێنەکانی خۆی سارد و هەستی نەتەوەیشی کزولاواز نەبێت.کارەسات لەوەدایە کۆمەڵەیەک بەناوی کوردستانەوە دامەزرابێت کەچی

کێشەی کۆمەڵێک ئینسانی کورد بە کێشەی خۆی نەزانێ.خەڵکی کوردستانی باشوور دەبێت هەرگیز چاکەو بەدەنگەوە هاتنی مەردانەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان لە کۆڕەوەکەی ساڵی 91دا لەیاد نەچێت.ئەمڕۆ ئەرکی سەر شانیانە بەهەر نرخێک بێت هەوڵی ڕزگارکردنی گیانی هاوخوێنەکانیان بدەن تا لەچنگی ڕەشی شۆفێنستانی عەرەب دەریان بهێنن.بەقەولی ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی ئێستالە کوردستان پارە هەڵڕشاوە"گەر حکومەتی هەردوولاو ئەو لێپسراوانەی کە گیرفانیان هەرگیز پڕنابن بەشێکی زۆر کەم لەو پارە هەڵڕشاوەی کوردستان تەرخان بکەن ,دەتوانن گیانی هەزاران ئینسانی کورد لە ژێر ڕەحمەتی چەقۆی کولی ءیژدان تۆپیوەکانی شۆفێنیستە عەرەبەکان رزگار بکەن.با گەر خۆمان بە مرۆڤ و کورد دەزانین ویژدانی کوردانەمان بمانجولێنێ وفریای پەنابەرە کوردەکانی ئاڵتاش بکەوین.دڵنیابن ئێمە میللەتێکی بێکەسین تەنیا خۆمان دەتوانین فریای یەکتر بکەوین.

2005_2_19